# بەردەوامبوون لەسەرشاردنەوەی ڕووداوەکان دەکرێت زۆر ئاکامی خراپی لێبکەوێتەوە تەنانەت شەڕی زۆرسەخت وخوێناوی کتوپڕوچاوەڕواننەکراویش..

ڕۆژ ئەوڕەحمان/ سوید
rojourahman@yahoo.co.uk

ڕوداوەکانی ئەم چەندرۆژەی دوایی زۆر شتی شاراوەی ئاشکراکرد،پارتی و یەکیتی پەرلەمانتارانیان خرکردبوەوە بەبێ ئەوەی بچوکترین ئامادەییان بۆکردبێتن تەنانەت یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیشیان ئامادەو چاپ نەکردبوو دواجار بەعارەبی لەهۆڵەکەدا بلاویان کردەوە چونکە گوایە بەقەولی خۆیان زمانی کوردی ئەوەندە لاوازە ئەم یاسا بەرزوبڵندەی پێنانووسرێتەوە وشەکانی لە کوردیدا بەدەست ناکەون.

هەمووکێشەی کوردیان هێناوەتەسەرئالاوسەرۆکی هەرێم ئەویش لەموزایەدەیەکی سیاسی بەتاڵی بێناوەرۆک زیاتر چیدیکە نیە ..

تەنها کارێک کە کردبوویان ئەوەبووکە بواری ئاسایشییان پاراست بوو کەدیارە ئەویش پێوەندی هەیە بەژیانی خودی سەرکردایەتی حیزبەکانەوە بۆیە دەنا ئەوەیشیان نەدەکرد.

نازانم بۆنەدەکرابۆسوێندخواردن مشتێک لەخۆڵی سەرگۆڕی گیانبەختکردوانی هەڵەبجە بەکاربێرێت ،لەبریتی ئەوکتێبەکۆنانە کەتەنها بۆرۆتینداناروبوون و ژمارەیەک لەوپەرلەمانتارانە هەرباوەڕیشیان پێیی نیەودەبواسوێندیشی پێبخۆن..پاشان ئەوسوێندخواردنەکارێکی هەروا ڕۆتینی نییە..

با لەوەگەڕێیین.... وێدەچێ... پارتی ویەکێتی... ڕۆژبەڕۆژزیاترسووربن لەسەر

شار دنە وەی ئەو بڕیار و پەیمان وپەیوەندیەسیاسیانەی کەڕاستەوخۆچارەنووس وداهاتووی هەمووکوردی لەسەربەندە،..

لێرەداپرسیار ئەوەیەبۆئەوکارەدەکەن.؟تاکەی کورد لێبێدەنگ دەبێت.؟

ئەوانەی دەنگیاندا بە پەرلەمان و بەحیزبداو پاڵپشتی سەرەککۆماریان دەکرددەبێت لە ئاست ئەو دەنگە یاندابەرپرسیابن و هەروانەکشێنە دواوەو چارەنووسی کورد بۆ سەرکردەکانی جەنگی کوردبەکورد بەکوشتدان بەجێنەهێڵن، دەبێت هەموولەئاست بەرپرسیاریدا بن.

شتێکی ئاساییشەئەگەرقەڵەم بەدەستیش هەبێت بەئاشکراوبەدزی بۆ حیزب و سەرکردەبنووسێت چونکەلەنێوڕیزی قەڵەمبەدەستانیشدا خەڵکانی مەراییکارو خۆبەرە پێشەوەکەم نین، پۆخڵەوات وگەندەڵیەکی زۆرئاشکراوترسناک کەوتۆتە ڕیزەکانیانەوە هەرلەبەرئەوەجێگای سەرسوڕمان نیەکەئەگەربلێم لەڕیزی قەڵەم بەدەستاندا زۆر هەن کە بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ ڕێکەوتنی ئەودوو زلحیزبە دا دەکەوێتە مەتر سیەوەو دوورنیەنانبڕاویش ببن و چی دی ناویشیان نەهێنرێت ..

لێرەدا من وەکووخوێنکارێک ڕووله خوێندکارانی کوردوستان دەکەم ........

مەخابن خوێندکارانی زانکۆکانی باشووری کوردوستان زۆر سست وکەمتەرخەمن ولەئاست ڕوداوەکاندا بێهەڵوێستن ئەگەرپارتی ویەکیتی پەتی سێدارەبۆنیوەی کورد هەڵبخەن ئەوجایش دەنگێک

لەوانەوە نابیستریێت،ڕەنگەئەگەرکێشیەکی ڕاستەوخۆ و تایبەت بەخۆیان هەبێت وەک ئەوەی زانکۆی ئایینده ئەوجا جووڵەیەکیان تێبکەوێت.

تادوێنێ بەعسی دڕندەئێمەی خوێندکاری دابووەبەرڕێژنەی گوللەوبەڵام ئەوجایش لە خۆ پیشاندان وچالاکی ودژایەتیکردنی نەکەوتین ،چاکم لەبیرە کۆڵان بە کۆڵانی گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی بەکڵاشینکۆفەوە کەوتبوونەدوامان ئێمەیش دەست بەتاڵ بەڵام مێشک پڕو ئازادیخوازانەلەڕوویاندادەوەستاینەوە وهاوارمان دەکرد بڕوخێ ڕژێمی بەعسی فاشیست..ئای کەمەزن بوون ئەورۆژانەئەوهاوڕێیانە.

دەبواخوێندکارانی هەولێروسلێمانی و کوردوستانی باشور بەگشتی لە ئاست ئەو هەمووکارەژێربەژێرەی پدکوینکدا بێدەنگیان هەڵنەبژاردایەودەستیانبەکڵاوە وە نەگرتبایە ،چونکەئەوەبەرلەهەمووکەس چارەنووسی ئەوان و منداڵەکانی ئەوان ونەوەکانی دوای ئەوانی لەسەرە..

وێدەچێ ئەوان واتە خوێندکاران لەململانێی فیکری نێوان نەوەکانیشدا دۆڕاوبن ئەگەربەزوویی وەخۆنەکەون، تانەوەی کۆنی دەسەڵاتداری سەرڕەشکەرەوەی لێپرسراوی ی پدکوینک مابێت ئەوان لە کۆیلە یەتی وپاشکۆیەتیەکی لاواز زیاتر چیدیکەیان پێنابڕێت...

گەلۆ ..ئەگەرخەم لەخۆیشتان ناخۆن.. خەم لە ونەوەیەبخۆن کە دەبنە منداڵی ئێوە..

2005 /06/05